ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# کەرکوک" شارێکی بێخاوەن، بەڵام خۆراگر

وهاب شاه محمد/سوید
Shah.wahab@gmail.com



دیسانەوە باسمان دەگەرێتەوە سەر کەرکوک، ئەو شارەی کە ژێرەکەی دەریایێکی گەورەی پر لەنەوتە وسەرەوەشی ئاگرێکە تەنها خەڵکە کوردەکەی بووەتە سوتەمەنی. ئەو شارەی کە ساڵەهای ساڵە داگیرکەرانی شۆڤینزم بە پۆستاڵی رەشیان داهاتی ئەم شارەیان بۆ پرکردنی گیرفانی برسي و ئاوەدان کردنەوەی بیابانەکانیان بەکاردەهێنا.

لەماوەی 80 ساڵی رابردوو، شاری کەرکوکی کوردستان و زۆر لە ناوچەکانی تر بەر شالاو بەرنامەی بییری تەعریبی داگیرکەری شۆڤینزمی کەوت، ئەو بییرەی کە بەناوی ئاین وبرایەتی زۆر لەخاکی میلەتانی تری ناوچەکەی داگیرکرد، ئەو دغەرکەرەی کە ئەمرۆ خۆی بەخاوەن ماڵ دەزانێ لە شارە وکوردیش بە بێگانە.

ئەم شارە کوردستانیە، پاش رزگاربوونی لە گەورەتریین مەترسی وهەرەشەی ئەم چەرخە، کە دەیویست هەرچی ئاسەواری کوردایەتی وکوردستانیەتی ئەم شارە هەیە بسرێتەوە، بۆیە تاپێدەکرا وێرانتری دەکرد بۆ ناچارکردنی خەڵکەکەی بۆ چۆڵکردنی. ئەو مەترسیەی کە لەپاڵ وێرانکردنی سارەکە هەموو سیاسەتێکی تری شوڤینانەی وەک ئاورەکردنی خەڵککەی، کوشتن وبرین وە هاوردنی عەرەبێکی زۆر بۆ ئەم شارە لە ناوچە جەاوازەکانەوە.

ئەم شرە پاش رزگاری وئازادی هەروک خۆی وێرانە، هیچ لایەنێکیش نیە دڵسوزانە ئاورێکی لێبداتەوە بۆ سوک کردن وکەمکردنی هەموو ئەو کیشە سیاسی، ئابوری ومەینەتیانەی خەڵکەکەی.

زۆرجار لە داموودەزگاکانی میدیای کوردێکانەوە باس لە مەینەتەکانی ئەم شارە کوردستانیە دەکرێ، کە چۆن خەڵکەکەی ژیانێکی کۆڵەمەرگانە دەبەنە سەر و کیشەکانیان رۆژ بەرۆژ لە زیادبوندایە. کاتێ باس لە هۆیەکانی ئەو کێشەو مەینەتیانەی خەڵکی ئەم شارە دەکرێ هەموو گوناهەکان روو لە دەسەلاتی بەغدا دەکرێ، کە گوایە ئەوان تەنها لایەنێکن کە دەبێت بەرپرسیار بن بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەکان، لایەنی کوردیش رۆژنیە زۆر بۆ سەرانی بەغدا نەهێنێ کە ئاورێک لە خەڵکی ئەم شارە بداتەوە.
ئەوەی نەزانی دەڵێت دەسەلاتدارانی بەغدا خاوەنی ئەم شارەن و لایەنی کوردی ناچارنیە هیچ کارێک بۆ ئەم شارە ئەنجام بدات. یان دەبێت لایەنی کوردی وئیدارەی شارەکە پیش ئەنجامدانی هەر پرۆژەێکی ئاوەدانی یان کارێکی سیاسی دەبێت راپرسی دەسەلاتدارانی بەغدا بکات وداوای یارمەتی لەوان بکات.

ئەوەی نەزانێ دەڵێت، پیاو ئاگای لە هەڵویست وسیاسەتەکانی دەسەڵاتادارنی بەغدای تازەوە کۆن نیە سەبارەت بە کوردستانیەتی ئەم شارە، کە چۆن لە هەموو داواکاری و باسکردنێک بۆ گەرانەوەی

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ئاسای کردنەوەی باری شارەکە بۆ پیش پرۆسەی تەعریب چۆن هەزار ویەک بیانوو دێننەوە بۆ جێبەجی نەکردنی.

هەموو جارێ کەباس دیتە سەر کێشەکانی خەڵکی ئەم شارە، دەسەڵاتی کوردی ومیدیاکانیان باس لەوەدەکەن کە ئەوان هەموو هەوڵێکی خۆیان خستۆتەگەر بۆ ئاسایکردنەوەو باشترکردنی گوزەرانی خەڵکەکەی، بەڵام دەسەڵتادارنی بەغدان کە ئامادەنیین هیچ هاوکارێکی ئابوری یان سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکەن. ئەم هەڵوێستە تەنها مانایکی هەیە کە دەسەڵاتدارانی بەغدان کە خاوەنی ئەم شارەن وهەموو کارەکانیش پێویستە ئەوان جێبەجی بکەن.

پاشان باس لە هەموو ئەو پرۆژانە دەکەن کە گوایە لەم شارە ئەنجام دراوە بە هاوکاری هەردوو دەسەڵاتی کوردی، بەڵام هیچ کام لەو پرۆژانە دیارنیین و ئەوەشی دیاربێت ئەوا وێرانەیە و پیاو لەرووی نایێت باسشی بکات. دەڵێن گوایە ئەوەندە قوتابخانە چاکراوەو، ئەم پرد وئەو پرد دروستکراوە، یان باس لەوە دەکەن کە چۆن شارۆچکەکانی دورویشتی ئاوەدان کراوەتەوە، کە لەراسیتدا تەنها گوند وشارۆچکە عەرەبەکانە کە کاتی خۆی بەعس درووستی کردوون.

شارێک کە ژێرەکەی دەریای نەوت بێت و لە70% داهاتی عیراق سەرچاوەی ئابوری بێت، جێ شەرمە باس لەوە بکرێت کە لەم ماوەی سێ ساڵی رابردووە 100 ملیۆن دۆلارێکیان بە شەرەشەق لەلایەن دەسەڵاتی بەغداوە بۆ تەرخانکراکردوە. ئەو 100 ملیۆنەی کە تاکو گەیشتە شارەکە تەنها 25 ملیۆنی مایەوە، هەرچی ئەوی ترە چووەتە قورگی شێرەوە.

رۆژنیە گوێمان لەوە نەبێت کە بە سەدەها ملیۆن دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی تری کوردستان سەرف سەرف نەکرێت، کە ئەگەر لەگەڵ رێژەی ئەو پارەیەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک بەراوردبکرێت ئەوا لە ژماردن نایێت.

مەبەست ئەوە نیە کە شارەکانی تری کوردستان بکرێت بە قوربانی کەرکوک وخەڵکەکەی و ئاوەدان نەکرێنەوە، هەموو ئارەزومانە کوردستان بکرێتە بەهەشتی سەر ئەم زەویە، بەڵام ناشبێ شارۆچکەیێکی وەک ئاکرێ، یان شارۆچکەیێکی دەوروپشتی سلێمانی، هەولێر ودهۆک سەدەها جار بوجەی زیاتربێت لە شارێکی وەک کەرکوک.

گەرانیکی کەم لەم شارە، کۆڵان وجادەکانی (کابول وقەندەهار) مان دێنێتە بیر، بەڵام بەجیاوازێک ئەو دوو شارەی ئەفغانستان دڵۆپێ نەوتی تیا نیەو کەرکوکیش دەریایێکی نەوتە.

چاوخشانێک بەسەر هەموو ئەو پارەو پوولەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی تری کوردستان تەرخاندەکری ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەردوو دەسەڵاتی کوردی چەنێ کەرکوک لەلایان دڵی قودسی کوردستانەو چۆن ئەم دوو دەسەلاتە تەنها بیبر لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەکەنەوە.

ZAGROS WEBSITE

ئەم هەڵوێستە هەمان هەڵوێست وسیاسەتی کۆنی دەسەڵاتدارانی عیراقی کۆنە، کەتەنها بیریان لە ناوچەکانی خۆیان دەکردەوەو هەرچی ناوچەکانی تری عیراق هەبوو بە دواکەوتووی ومالۆێرانی مابووەوە.

رۆژنیە لە دەزگاکانی میدیا گوێمان لەوە نەبێ کە کارخانەو کۆمپانێکی زۆر لە شارەکانی تری ژێر دەسەڵاتی هەردوو ئیدارە کوردیێکە نەکرێتەوە، یان تازەترین نەخۆشخانەو بنکەکانی ئیداری لەو ناوچانە دانەمزرێت، هەرچی شاری کەرکوکیش هەیە کێشەو پێویستێکانی دەخرێتە ئەستۆی دەسەڵاتی ناسیونالیستی تازەی بەغدا، کە بەهیچ جۆرێک ئاورێک لەم شارە ناداتەوەو ئامادەش نیە بە کوردستانی بناسێ.

باشە هەردوو دەسەڵاتی کوردی ناتوانن هەندێ لەو پرۆژە ئاوەدانیانەی شارەکانی تری کوردستان دوابخەن و ئەو سەرمایە لە کەرکوکی قودسی کوردستان بەکاربهێنن بۆ پرۆژەی بەرهەمهێنان کە خەڵکە کوردە ئاوارەو بێکارەکەی لەهەندێ لە کێشە ئابوری وکۆمەڵایەتێکان رزگار بکات، یان دەبێت گوناهی هەموو ئەو کێشانە تەنها بخەنە سەر ئەستۆی دەسەڵاتدارانی بەغدا کە نایانەوێ کار بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵکەکەی بکەن. ئەی باشە دەسەڵاتی کوردی بەشێکی گرنگی دەسەڵاتی ئەمرۆی بەغدا پێک ناهێنێت، یان ئەوان تەنها کاریان بەهیزکردن وسەقامگیری باری سیاسی وئەمنی عیراقە.

ئەوەی بۆ چەند ساتێک بییر لە بێباکی وخەمساردی هەردوو دەسەڵاتی کوردی بکاتەوە سەبارەت بە کێشەو پێویستێکانی کەرکوک، یەکسەر دەڵێت کە ئەم دوو دەسەڵاتە کوردیە لەوەناچێ خۆشیان باوەریان بە کوردستانیەتی ئەم شارە هەبێت، ئەگینا بۆچی تەنها چاوەروانی ئەوەن کە دەسەڵاتدارانی بەغدای تازەی بییر شۆڤینیزم کار بۆ سووک کردن وکەم کردنەوەی کێشەکانی خەڵکی کەرکوک بکەن.

باشە ئەگەر دەسەڵاتی بەغدا سوور بزانێ کە کەرکوک دەگەرێتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان بۆچێ دەچێت سەدەها ملێون دۆلار بۆ ئەم شارە سەرف بکات، لەکاتێکدا شارەکانی تری ناو عیراق پێویستی بەو پارەیە هەیە.

لەوەدەچێ کەرکوک پێویستی بە هێزێکی کوردی تر هەبێت لە پاڵ ئەو دوو هێزە بۆ ئەوەی هەردووکیان ناچاربکات کە ململانێ سیاسی درووست بێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک و باشترکردنی باری خەڵکەکەی.

هەردوو هێزە کوردێکە لەناوچەی دەسەڵاتیان، لەپێناو راکێشانی زۆرینەی خەڵکی بەلای خۆیان رۆژ نیە لە داموودەزگاکانی میدیا باس لەو پرۆژەو ئاوەدانیکردنەوانە نەکەن کە لە ناوچەکانیان ئەنجام دەدرێت، هەرچی شاری کەرکوکیش هەیە تەنها لە کاتی هەڵبژاردنەکان ودەنگدانەکان باس لە مەینەتێکانی دەکرێ و دواوش لە خەڵکەکەی دەکرێ کە هەڵوێستێکی نەتەوەی کوردانە دەربرن بەرامبەر رووداوەکان.

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ئەمرۆ نەک تەنها خەڵکی کەرکوک لەناو گێژاوی بێباکی وئاورنەدانەوەی هەردوو دەسەڵاتەکە وێڵ بووە، بەڵکو ئەنجەمونی پارێزگا وشارەوانێکەشی بێدەسەڵات ماوە بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانی کەرکوک وەک پڵنگێکی بێدان وایە، هەرچی کارێک ئەنجام بدات دەبێت رەزامەندی هەردوو دەسەڵاتە کوردێکەی لەسەربێت، ئەویش ئەگەر هەردوو دەسەڵاتەکە هاودەنگ بن بەرامبەری، ئەگینا رازی نیین هیچ کارێک ئەنجام بدرێت بێ یەکدەنگی و یەک بریاری ئەوان.

ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانی لە کەرکوک نازانێ بە ئاوازی کام دەسەڵات هەڵپەرێ، چونکە ئەگەر یەکێکیان دڵی زیز بوو لێیان ئەوا مەگەر خوا رەحم بکات. ئەوانەی نوێنەرایەتی هەردوو دەسەڵاتە کوردستانێکەش دەکەن لە ئەنجومەنەکان، ئەوا تەنها رانمای وبریارەکانی لایەنەکەی خۆیان بەباش دەزانن وئەنجامی دەدەن، کارەکانشیان تەنها لە خزمەت بەرزبوونەوەی پۆستەکانی خۆیانە لای هەردوو دەسەڵاتە کوردیکە، یان کارەکانیان تەنها لە چوارچێوەی پروپاگەندەی سیاسی هەردوو دەسەڵاتەکە خۆی دەگرێتەوە.

زۆربەی زۆری ئەوانەی پۆستی تازەیان لە داموودەزگاکانی شاری کەرکوک وەرگرتوە، تەنها خاوەن هەڵویستی سیاسیین بەرمابەر هەردوو دەسەڵاتەکە، ئەگینا لە رووی زانستی وتوانایەوە هیچیان پێنیە، بۆیە ناکرێ چاوەروانی ئەو بیین لێیان کە بەهۆی خۆیندنی بەرزیان وئاستی رۆشنبەری وزانستیان بتوانن کارێک بۆ باشترکردنی ئەم شارە ئەنجام بدەن.

ئەو فشارانەی لەسەر کوردی کەرکوکە یەکجار گەورەیە، چی لە هێزە شۆڤینزمەکانی کۆن وتازەی عیراق بێت یان ئەوانەی ئەودیوو سنوورەکان، کە خەویان زریوە کورد ئەمرۆ دیسانەوە زۆرینەی ئەم شارە کوردستانیە پێکدینیت، بەڵام لە هەمووی سەختر ئەو فشارە دەروونیانەیە کە دەسەڵاتی کوردی بۆ خەڵکی ئەم شارەی درووست کردوە، چی لە بێباکیان بیت یان ئاورنەدانەوەیان بۆ مەینەتێکانی خەڵکی کوردی ئەم شارە.

ئەوەی جێ خۆشحالیە کە کوردی کەرکوک خۆراگرن بەرامبەر هەموو ئەو فشارە ئابوری وبێباکیەی هەمە لایەنە، ئەگەرچی ئەمرۆ هیچ هێزێکی سربازی وناوەندی ناتوانێ بەزەبری چەک ناچاری ئاوارەیی ومالۆێرانیان بکات. ئەگەر بیت و هەڵوێست وبەرنامەی هەردوو دەسەڵاتەکە بەرامبەر ئەم شارە هەروا بەردەوام بێت، ئەوا لە ئایندە پێویست ناکات گلەیی لە هەڵوێست گۆرینی کوردی ئەم شارە بکریت، چونکە باوەر ناکەم کەس لەو دوو دەسەڵاتە ئامادەبیت هەمان مەینەتی ونەبوونی خەڵکی کەرکوک بکێشێ.

ZAGROS WEBSITE